دەورەی دووهەم، ژمارە( ٤٨ ). نیوەی دووهەمی پووشپەڕی ١٣٨٤ شۆڕش ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

# نزیك بوونەوە لە نووسینی دەستووری دایم لە عێراق و چارەسەر نەکردنی بڕگەی ٥٨

راپۆرت:
جوامێر مارابی



پتر لە یەك ساڵ و چوار مانگ بە سەر دانانی یاسای کاتی عێراق تێپەڕ دەبێت، کەچی هێشتا بە شێکی زۆر لە لەو یاسایە، لەوانە بڕگەی ٥٨ کە خاڵی جێگای مشت و مڕی نێوان هاوپەیمانی کورد و باقی ئەندامانیتری دەوڵەتی کاتی عێراقە، چارەسەر نەکراوە. بە پێی یاسای کاتی دەوڵەتی کاتی عێراق چ لە سەردەمی دەوڵەتی د.عەیاد عەلاوی و چ ئێستا لە سەردەمی دەوڵەتی کاتی د.ئیبراهیم جەعفەری دا، دەبێ پێش دانانی دەستووری دایم لە عێراق، بڕگەی ٥٨ی ئەو یاسایە کە پەیوەندی بە شاری "کەرکوك"وە هەیە جێ بە جێ بکرێت.

## *ئیبراهیم جەعفەری خوازیاری دوا خستنی بڕگەی( ٥٨)ە بۆ پاش نووسینی دەستووری دایم:*

بە پێی بەڵگەنامە، ئیبراهیم جەعفەری سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی کاتی عێراق، پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرتاسەری لە عێراق، ئەو بڕیارەی ئیمزا کردووە کە تێیدا باس لەوە کراوە پێویستە دوای هەڵبژاردن و پێش لە نووسینی دەستووری دایم لە عێراق، بڕگەی ٥٨ی یاسای کاتی عێراق کە پەیوەندی بە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوك هەیە، جێ بە جێ بکرێت. بەڵام دەبینین کە ئیبراهیم جەعفەری پاش هاتنە سەر کار بە شێوەی جۆرا و جۆر هەوڵی داوە کە ماددەکانی دەستووری کاتی عێراق کە پەیوەندی بە مافی کوردەکانەوە هەیە، لە بەرچاو نەگرێ یان بە ئەنقەست پشت گوێیان بخات. بۆ نموونە لە کاتی سوێند خواردنی وەزیرەکانی کابینەی دەوڵەتەکەیدا، بەشێك لەو یاسای کە تێیدا باس لە عێراقێکی دیمۆکراتیك و فیدراڵ دەکات، لابرا بوو. ئێستاش کە بە نووسینی دەستووری دایم نزیك دەبینەوە، هەوڵ دەدات کە بڕگەی ٥٨ی ئەو یاسایە بخرێتە دوای نووسینەوەی دەستووری دایم.

## *کورد خوازیاری جێ بە جێ بوونی ماددەی ٥٨ی یاسای کاتییە:*

بڕگەی ٥٨ی یاسای کاتی عێراق چییە و باس لە چ دەکات؟ بڕگەی ٥٨ی ئەو یاسایە باس لە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوک دەکات ئەو کارانە کە پێویستە لەمبارەیەوە جێ بە جێ بکرێت بریتین لە: گەڕانەوەی کوردە ئاوارە کراوەکان و ناردنەوەی عەرەبە هاوردەکان، دیاری کردنی سنووری پارێزگای کەرکوک پێش لە پرۆسەی تەعریب، سەرژمێری کردنی دانیشتووانی رەسەنی شاری کەرکوک و... .

هەروەك لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا دەبێ ئەو کارانە پێش لە نووسینی دەستووری دایم جێ بە جێ بکرێت، بەڵام هەڵوێستی هەتا ئێستای دەوڵەتە کاتییەکانی پاش رژیمی بەعس نیشانی داوە کە خوازیاری جێ بە جێ بوونی ئەم ماددە نین و نایانەوێ دان بە مافەکانی گەلی کوردا بنێن. ئیبراهیم جەعفەری نەتەنیا حازر نییە کە ئەم بڕگەیە جێ بە جێ بکات، بەڵکوو تا ئێستاش حازر نەبووە کە دەسەڵاتی کوردەکان بە رەسمی بناسێت. ئەم جۆرە هەڵوێستانە لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا، بۆتە هۆی نیگەرانی خەڵکی کوردستان و هەروەها جێگای قسە و باسی راگەیەنەکانی کوردستان و وروژاندنی رای شەقامی کوردی. هەر بۆیە داوا لە سەرکردایەتی کورد دەکەن کە چیتر بێدەنگی رەچاونەکەن و پێویستە لەم بارەیەوە هەڵوێستی جیددی بگرن.

هەر لەمبارەیەوە دوکتور فوئاد مەعسووم دەڵێت: گەورەترین مەترسی لە سەر کوردستان کێشەی کەرکوکە، چونکە واپێدەچێت هەندێك لەوانە دەیانەوێت دان بە فێدراڵیەت دا بنێن، مەرجێك دادەنێن، ئەویش ئەوەیە کە کەرکوك نەبێتە بەشێکی کوردستان، بەڵکوو هەرێمێك سەربەخۆ بێت.

هەندێکیش دەیانەوێت پاشەکشە لە مادەی ٥٨ی ئیدارەی کاتی عێراق بکرێت. هەر لایەك بە بیانووی جیا جیا. بۆیە مەسەلەی کەرکوك و ئەو شوێنانە ناکۆکییان لە سەرە، کێشەی زۆریان هەیە و دژایەتی زۆریش دەکرێن، خەڵکی کوردستانیش دەبێ هەڵوێستیان یەك بخەن و بە هێزێکی جەماوەر و سیاسی یەکگرتوو پێ لە سەر کەرکوك و خانەقین و شەنگار و گشت ناوچە تەعریب کراوەکان دابگرین، هەتا ئەم دەرفەتە زێڕینە بۆ گەلەکەمان و کەرکوك هەڵکەوتووە، لە دەست نەچێت.

هەروەها لەمبارەوە بە نزیك بوونەوە لە نووسینی دەستووری دایم، سەرکردایەتی کورد دەستیان کردووە بە دانیشتن و کۆبوونەوە هەتا لە سەر نووسینی دەستوور و چارەسەر کردنی ماددەی ٥٨ و دەستەبەر کردنی مافەکانی گەلی کورد، بگەن بە ئەنجام. هەر بۆیە لە دانیشتنی نێوان سەرکردایەتی یەکێتی و پارتیدا ، ئەوان لە سەر چەند داخوازییەکی بنچینەیی رێکەوتوون و بڕیاریان داوە کە بۆ جێ بە جێ کردنی بیبەنە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق. ئەو چوار بڕیارە بریتین لە: ١– قبوڵ ناکرێ لە دەستووری عێراقدا بگوترێت عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب. ٢– فێدراڵی لە سەر بنەمای جوغرافی مێژوویی دەستەبەر بکرێت. ٣– ماددەی (٥٨) جێبەجێ بکرێت و لە سەر دەوڵەتی عێراقیشە بودجەیان بۆ تەرخان بکات. ٤– پێشمەرگە، بەشێکە لە هێزی نیشتمانی و ناکرێت وەکوو میلیشا باس بکرێت.

هەر لەم پێناوەدا یەکێتی و پارتی لە دانیشتنەکانی خۆیاندا بیر و رایان لەمەڕ دەستوور گەڵاڵە کردووە و لە چەند تەوەرەدا داخوازی و پێشنیارەکانی خۆیان هێناوەتە گۆڕێ. ئەو خاڵانە کە بریتین لە: یەکەم دیاری کردنی سنووری کوردستان، سیستەمی حوکمرانێتی، هێز پارێزەری نیشتمانی هەرێم، ئایین و دەوڵەت، پێکهاتەی عێراقی فێدراڵ، دەسەڵاتگەلی حکوومەتی فێدراڵ و مافی چارەی خۆنووسین. لیژنەی بەدوادا چوونی دەستوور لە کوردستان ئەم پێشنیارانەیان بردۆتە بەردەم ئەنجومەنی حوکم. هاوپەیمانی شیعەش پێشنیارەکانی خۆیانیان گەڵاڵە کردووە و ناردوویانە بۆ هاوپەیمانی کورد. وادیارە ئەو شتەی کە ئەوان پێشنیاریان کردووە و لە سەری ساغ بوونەتەوە لەگەڵ گەڵاڵە پێشنیارکراوەکانی کورد جیاوازی زۆرە. لە دانیشتنی لیژنەی بە دوادا چوونی دەستووردا راو بۆچوونەکان لە سەر گەڵاڵەی پێشنیار کراوی هاوپەیمانی شیعە باس کراون و بڕیارە ئەنجامی دانشتنەکان و راو بۆچوون و رەخنەکان بە هاوپەیمانی شیعە رابگەیەنن. نموویەکی ئەو جیاوازیانە ئەوەیە کە ئەوان خوازیاری ئەوەن کە: عێراقی پەرلەمانی

**فێدراڵی ببێتە کۆماری عێراقی ئیسلامی فێدراڵی و ئایین بکرێتە سەرچاوەی سەرەکی دانانی دەستوور و زمانی عەرەبی زمانی رەسمی سەراسەری عێراق و زمانی کوردی تەنیا لە کوردستان کاری پیٚ بکرێت.**

**بە لە بەرچاو گرتنی ئەو شتانە کە لە سەرەوە باس کران و بە بینینی هەڵسوو کەوتی هەتا ئێستای لیستی هاوپەیمانی شیعە و عەرەبی سوننە و بەرەی تورکمانی لە حاست مافەکانی خەڵکی کوردستان و چارەنووسی شاری کەرکوك و لێدوانەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەمبارەیەوە، چاوەڕوانی دەرەنجامێکی باش بۆ داهاتووی کورد و مافەکانی خەڵکی کوردستان ناکرێت. ئەگەر رەوتی پشت گویٚ خستن و داپین نەکردنی مافەکانی کورد هەروا بەرەوپێش بڕوات، پێویستە سەرکردایەتی کورد و لیستی هاوپەیمانێتی کورد چ بکەن؟**